**مافی کەمایەتییەکان لە نێوان ڕەیان شارباژێڕی  و مونا چۆمانی**

عەلی مەحمود محەمەد

یاسای پێشووی هەڵبژاردنی کوردستان  یەکێك  بوو  لە  یاسا  باشە دگمەنەکانی جیهان, کۆپیەکی یاسای هەڵبژاردنی هۆڵەندا بوو, بەڵام بە هەموار کردنەوەو گۆڕانی بۆ چەند بازنەیی تێکدرا, هێشتا دەتوانین بڵێین باشە, وەلێ هەڵبژاردنی هەرێمی کردستان  لە پراتیکدا خراپترین هەڵبژاردن بوو بەهۆی نەبوونی سنورێك بۆ  ڕۆڵی پارە لە هەڵبژاردن  لە نەبوونی سنووری لانی زۆری خەرجکردن و بەکارهێنانی پارەی سیاسی و  پارەی  بیانی,  ئیستغلال  کردنی  کۆتای  کەمایەتییەکان  لە  لایەن دەسەڵاتدارانەوە,  ڕاگەیاندنی  ئەنجامی  هەڵبژاردنی  پێش  وەخت  پێش هەڵبژاردنی گشتی, نەبوونی لیستی باشی دەنگدەران و .....لە هیندستان هەڵبژاردن 42 ڕۆژی خایاند دەست لە فۆرمێك نەدرا تا کۆتایی هەموو پێکەوە ژمێردران و ڕاگەیەنران, کەچی لە کوردستان پۆلیسێك دەنگە دات یەکسەر بڵاو دەکرێتەوە کە کاریگەری لەسەر ڕەوتی دەنگدان دادەنێت, لە کوردستان یاسا باشەکە خراپکرا, پراتیکە خراپەکانی هەڵبژاردن لە جێگای خۆیان مان.

مافی کەمیاتییەکان

ئەوەندەی سیاسی و ڕۆشنبیرانی کورد لێکۆڵینەوەو نموونەیان لەسەر مافی نەتەوەکانی  گەلانی  جیهان  خوێندۆتەوەو  بە  نموونە  لە  نووسین  و لێدوانەکانیان هێناویانەتەوە نموونەی لە ناو گەلانی ژێردەستدا نییە, لەو نموونانەشەوە بۆ خۆیان بە دوای چاکترێندا دەگەڕان, ئەمەش مافی هەر گەلێکە داوای زۆرترین ماف بۆ خۆی بکات و هەوڵی کۆتایی هێنان بە ستەم و ژێر دەستی بدات, هەموو ئەوانەشی لە خەتی پارتە سیاسییکان و بزاوتەکانیان  لایان  داوە,  لە  گەڵ  دەوڵەتی  نەتەوەی  سەردەست  ڕێك کەوتوونە بە جاش و خائین ناوزەد کراون و دراونەتە  قەڵەم, ئەگەر هەر چی دەست کەوتێکیشیان هەبووبێت, ڕێکیش  ئەوانە جاش بوونە.

دوای راپەڕینی ساڵی 1991 کورد دەسەڵاتێکی خۆجێی دامەزراند, یەکەم هەنگاو دەبوایە شوێنەوارەکانی بەعسی بسڕایەتەوە, بەڵام دەسەڵاتدارانی کوردستان شوێن پێی بەعسیان هەڵگرتەوە لە مامەڵە لە گەڵ پێك هاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان, کەوتنە کڕین و دروستکردنی پارتی کارتۆنی لە چەشنی دیموکرات و شۆڕشگێڕانە کارتۆنییەکەی بەغداو مەجلس تەشریعی و تەنفیزییەکە لە کەسانێك کە جێگای پەسەندی ئەو نەتەوەو پێکهاتانە نین و نوێنەرایەتییان ناکەن, ئەمە بووە دیاردە.

هەڵبژاردنی ئەمجارە

سەرەتا ینك داوای دەکرد لیستی ناوی دەنگدەرانی کۆتاکان جیا بێت, خۆیان دەنگ بە خۆیان بدەن, نوێنەرانی راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن, ئەمە داوایەکی رەوا بوو. دەبوایە کۆتا کاکەیی و ئێزیدی و پێك هاتەکانی دیکەشی بگرتایەتەوە, ئەوانیش نوێنەرانی خۆیان هەبووایە لە پەرلەمان.

پێکهاتەکان لە زۆر پوازدا دەژێن, بە پێی چڕی دانیشتوانەکانیان کورسییەکانیان دابەش بکرابایا, نەك دوو بە سێ بەسەر پارتی و یەکێتی وەك کورسییەکانی پەرلەمان دابەش بکرابایان, لە کاتێك لە سلێمانی 64 خێزانی کریستان هەیە, کورسییەکانیان وەك دهۆك و هەولێرە کە لە هەر یەکەی هەزاران بۆ دەیان هەزار دەنگدەری لێیە, دەکرا بۆ پێکهاتەکان کوردستان یەك بازنە بووایە, هەرچەندە یەك بازنەیی بۆ هەموو کوردستان زۆر دیموکراسیانەتر بوو.

با سەیری ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی کۆتاکان بکەین, بزانین چ مەهزەلەیەك کراوە.

لە دهۆك بۆ کورسییەکی کۆتای کریستان 8 کاندی هەبوو, کۆی گشتی 7050 دەنگیان هێنایەوە, لە کاتێکدا پارتە کریستانەکان بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردبوو, کاندیدەکەی پارتی بە ناوی جیمس حیسدۆ هیدۆ داود 5533 دەنگی هێنایەوە, ولیم بنیامین شلیمۆن دووەم کاندید خاوەند 1199

دەنگە , ژمارەکان ئەوەندە رێکن دەڵێی یاری بینگۆیە, واتا کاندیدەکەی پارتی بە تەنها 78%ی دەنگەکانی بە دەست هێناوە.

لە شاری سلێمانی 3 کریستان خۆیان کاندید کرد, 6657 دەنگیان هێنایەوە, کاندیدی حەشدی بابلیون دانا ئامانج نەجیب شەمعون 6200 دەنگی برد, واتا 93%ی دەنگی کریستانەکان چوارتای برد لە کاتێکدا حەشدی بابلیون یەك کەسیشی لە سلێمانی نییە, بۆ خۆی هەموو پارێزگای سلێمانی 125دەنگی کریستانی هەیە، ئەوانیش زۆریان دەنگیان بە سامان داوە نەك ئامانج, کەچی سامان جەمیل بۆیا کەریم تەنها 73 دەنگی کریستانی بە دەست هێناوە, بەمەش دەنگی کریستانەکان سلێمانی 5300% زیادی کردووە.

لە پارێزگای سلێمانی تورکمانیش 6 کاندیدیان هەبوو, کۆی گشتی 7098 دەنگیان هێناوەتەوە, لەوانە نەجدەت نوری محەمەد عەرەب بە تەنها 5660 دەنگی هێناوەتەوە, لەسەر تەوجیهاتی وەستا رەسوڵ .

کەچی سەزگین مصەلەح الدین عەلی عەباس کاندیدی بەرەی تورکمانی تەنها 505 دەنگی هێناوە, کە زۆربەی تورکمانەکان کفری کە کەمتر لە 2000 دەنگیان هەیە دەنگیان بەو داوە, کەچی سێیەمە.

واتا کاندیدەکەی وەستا رەسوڵ1120%ی کاندیدی بەرەی تورکمانی دەنگی هێناوەتەوە, چاکترە لە داهاتوو توورکمانەکان بەرەی وەستا رەسوڵیش پێك بهێنن بۆ خۆیان" دەنگەکەی وەستا رەسوڵ بڵاو کرایەوە".

لە هەولێر کریستانەکان 7 کاندیدیان هەبوو, کۆی گشتی 7458 دەنگیان هێناوەتەوە, لەوانە رامی نوری عودیش دانیال کاندیدی پارتی 5752 دەنگی هێناوەتەوە, واتا 77%ی دەنگەکان بۆ کاندیدەکەی پارتی بووە.

هەر لە شاری هەولێر تورکمانەکانیش 14 کاندیدیان هەبوو, کۆی گشتی 5236 دەنگیان هێناوەتەوە, مونا نەبی نادر عەبدوڵا ناسراو بە مونا قەهوەچی بە تەنها 3664 دەنگی هێناوەتەوە , واتا 70%ی کۆی دەنگەکان.

بەرەی تورکمانی لە هەولێر لە گشتی لیستی هەبوو, بەڵام تەنها 1725 دەنگی هێنایەوە, واتا مونا چۆمانی 212%ی دەنگی بەرەی تورکمانی هێناوەتەوە.

مونا و رەیان دوو نموونەی خراپ بۆ مافی پێکهاتەکان

چۆن بەعس بە دوای نموونە ناشرینەکانی کۆمەڵگای کوردی دەگەڕا بۆ جاشایەتی لە سەرۆك خێڵ و خەڵکانی لاوازو دواکەوتوو, بە هەمان شێوە پارتی و یەکێتی هەمان نموونە دووبارە دەکەنەوە, ناهێڵن پێك هاتەکان نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن, بەو لێشاوە دەنگەی ناو هێزە چەکدارە کۆنترۆڵکراوەکان هەیانە رەوتی دەنگدانەکانی ناو پێکهاتەکان بە قازانجی کاندیدەکانیان دەگۆڕن.

مونا قەهوەچی لە پارتییەکان پارتیترە, بۆ سێیەم خول بە دەنگی زێرەڤانی دەبێتە پەرلەمانتار, لە ماڵەوە کارەکەری هەیە و سەر بە هەویە شوی کردووە, خۆی و هاوسەرکەی سەرۆك و جێگری سەرۆکی پارتی ئیسلاحی تورکمانین, لە هەموو خولەکانی هەڵبژاردن دەنگی یەکەمی ناو لیستی تورکمانەکان بووە بە دەنگی زێرەڤانی.

هەرچی رەیان کلدانییە, سەرۆکی حەشدی کلدانییە, بە دەنگی حەشدی شەعبی و یەکێتی زۆرینەی کورسی کریستانەکانی بۆ خۆی بردووە, دوای کەرکووك لە سلێمانیش لە رێگای یەکێتییەوە کورسییەکی برد, پێی دەچێت دادگای فیدراڵی تەنها لەبەر شێخ رەیان وەك شیعەکان ناویان لێ ناوە, کورسییەکی کۆتایان بۆ 64 خێزانە کریستانەکەی سلێمانی تەرخان کردبێت.

رەیان کلدانی بە بنەچە کریستانەو خەڵکی قوشە لە پارێزگای موسڵ, بەڵام دانیشتووی شاری سەدرە لە بەغدا, سەرۆکی کەتیبەی بابلیونە, لە رێکەوتی 2019-7-18 ەوە ناوی لە ریزی لیستی سزادراوانی یاسای ماغنیستی

ئەمەریکادایە بەهۆی گەندەڵی و داگیرکردن و فرۆشتنی زەوی هاوولاتیان لە دەشتی موسڵ و پەلاماردانی ئافرەتان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ , ئەو دژە ئیسلامی سونەیە تا ئاستی راستیزم, لە موسڵ وەحشیانە لە گەڵ پێکهاتەی سونە مامەڵەی کردووە, یەکێك لە نزیکەکانی قاسم سلێمانی و مەهدی موهەندیس بووە, پێشتر لە سوپای مەهدی بووە, بەهۆی ژنخوازییەوە بووە بە موسڵمانی شیعە, 4 پەرلەمانتارەکەی لە کۆتای کریستان بە هەمان شێوەی کاندیدەکەی سلێمانی و کەرکووك دەرچوونە, چاودێرانی کریستان پێیان وایە تەنها 10%ی کریستانەکان دەنگیان بە لیستەکەی داوە, بە فێڵ و دەنگی حەشدی شەعبی کورسی کریستانەکانی بۆ خۆی بردووە.

کەنیسەکانی کریستانەکان بێ بەری خۆیان لە کەتیبەکەی راگەیاندووە, بە تایبەتیش ململانێی توندی لە گەڵ پەتریرك لویس روفائیل ساکۆ پەتریرکی کلدانی عێراق و جیهان هەیە, هەر لە بەر رەیان لە رێکەوتی 3-7-2023 بە مەرسومی سەرۆك کۆماری کشاندەوە کە دە ساڵ پێشتر لە سەردەمی تاڵەبانی دەرچوو بوو بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئەوقافەکانی بکات, کە رەیان چاوی لە سەریەتی مەرسوم دەربچێت رەیان سالم داود بکات سەرپەرشتی وەقفی کەنیسە کە خاوەند موڵکێکی زۆرن, چۆن خوشکێکی کردووە بە پەرلەمانتار و خوشکەکەی تریشی کردووە بە بەرپرسی دارایی, ساکۆ لە ئاستی کاردیناڵدایە, لە دوای پاپا دووەم پۆستە لەناو کاسولیکەکان جیهان.

بەم شێوەیە دەبینین نەتەوەیەکی بن دەست بەم شێوەیە مافی نەتەوە بندەستەکان خۆی چارەسەر دەکات, دوا تەرزی چارەسەری نەتەوەیی لە نیشتمانێکدا خۆی وڵاتەکەی دابەشی چوار پارچە کراوە, لە لایەن دوو هێزی سیاسییەوە لە زووەکەوە ناو نراون بیبسی و کۆلا.

009647503714620